# جاك دريدا: مردنی فەیلەسوفی جیاوازی

نیهاد جامی

رۆژی 2004/10/9 لەیەكێك لەنەخۆشخانەكانی پاریس فەیلەسوفی فەڕەنسی جاك دریدا لەتەمەنیهەفتاوچوارساڵیدابەنەخۆشی شێرپەنجەی پەنكریاس ماڵئاوایی‌كرد, دریدا لەدایكبوی جەزائیره لە 1930/7/15, یەكێكە لەنەوەی دوای بونیادگەری‌ولەسەرەتای پەنجاكان لە خانەی مامۆستایانی باڵا لە پاریس وانەی وتۆتەوەودوای سەردانە بەردەوامەكانی بۆ ئەمریكا لەناوەڕاستی شەستەكان بووە بەوانە بێژ لەزانكۆی جۆن هۆبكنز لەواشنتۆن, دیارترین بەرهەمەكانی بریتین لە(گراماتۆلۆژیا..نووسین‌وجیاوازی..دەرمانخانەی ئەفلاتون..شوێنگەكان..تارماییەكانی ماركس..پەراوێزە فەلسەفیەكان, بڕینی ڕێگاكان)ئەوەی دواتریان پەیوەستە بە سیاسەتی ئەمریكی, وەدواكتێبی لە بارەی یانزەی سێبتێمبەر بەهاوبەشی لەگەڵ هابرماس نووسیوە بەناوی(تێگەیشتن لەیانزەی سێبتێمبەر)وە لە 2001/10/22 جیۆفانا بورادۆری گفتوگۆیەكی درێژی لەگەڵدا سازكردووە بەناوی(چی ڕوویدا لە ڕووداوی یانزەی سێبتێمبەر)كەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو كتێبە وەرگێردراوەتە سەرزۆربەی زمانەكانی دنیا.

مردنی دریدا بەتەنها مردنی فەیلەسوفێك نییە كەلەیەكێك لەكایە فەلسەفیەكاندا كاری كردووە بەڵكوئەولەنێوان فەلسەفەی یۆنانی‌وتیۆری زمانەوانی‌و ڕەخنەگرتنی لە فێمێنیزم‌ودواتر چەمكی كۆتایی مێژوو هەوڵیدا جیاوازی بەرهەم بێنێتەوە, بۆیە فەیلەسوفی جیاوازی لەچەندین ئاستی جیاوازدا كاری‌كردووە, بەتایبەت ئەوساتەوەختەی كەبونیادگەری شوناسی تازەگەری فكریی خۆرئاوایی وەدەست هێنابوو, دریدا لەهەولێ خوڵقاندنی گوتارێكی دژە تازەگەری بوو بۆئەوەش دەیویست چەمكی بونیاد هەڵوەشێنێتەوە, ئەوەش هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیكیالەلایەك‌ولەلایەكی تر هەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزمی لۆگۆسیش بوو, ئەوە جگەلەوەی هەڵوەشاندنەوەی بونیاد بردیەسەرئاستی‌جیاواز بۆسیمیۆلۆژیا, بەلاَم بەتەنها نەگەڕایەوە سەر سیمیۆلۆژیای هاوچەرخ, بەڵكوئەوگەڕانەوەیەلەئەفلاَتونەوە دەست پێدەكات بۆ محاوەرەی ئەفلاتونی دەگەڕێتەوە, لەوێشدا پەیوەندی  نێوان ئاخاوتن لای سوكرات‌ونووسین لای ئەفلاتون دەكاتەوە دەسپێكی ئەو گەڕانەوەیە , ئەوەش هێنانەوەی ئەو ژەهرەیە كە سوكرات دەیخواتەوە, ئەوگەڕانەوەیە دەكاتەوە زەمینە بۆسیمیۆلۆژیا, بەلاَم ئەوەمانای ئەوەنییە كەدیدەنوێیەكان فەرامۆش دەكات بەڵكو ئەو لەكتێبی (نووسین‌وجیاوازی)چەمكی میتا گوتار لای بارت دەهێنێتەوە بەوەش دەیەوێت بنەما سیمیۆلۆژیەكان بباتە ئاستێكی جیاواز بەدەرلە چەمكی (بەڵگەی) بارت, هەرلەو ڕێگەیەوەیەش دەیەوێت كریستیڤا بێنێتەناو گفتوگۆی ڕەخنەیی ئەوەش لەكتێبی (شوێنگەكان) لەشێوەی محاوەرەی ئەفلاتونی ڕوانینەكانی كریستیڤا دەكات بەپرسیاروئاراستەی خۆی دەكات, بەوەش وەك سلڤرمان ناوی دەبات سیمیۆلۆژیایەكی جیاواز دێنێتە بوون كەناوی دەبات بە(سیمیۆلۆژیای هیرمنیۆتیكی)

سیمیۆلۆژیایەكە دەق تیایدا دەكەوێتەنێوان هەڵوەشاندنەوەوهیرمنیۆتیكا.

بەلاَم ئەوهەوڵانەی دریدا لەناوڕووبەری تیۆری دەق نەوەستا بەڵكو پەڕیەوەناوئەودنیایەی كەمۆدێرنیتی بەرپرسیارە لێی بۆیە دوای پێنج ساڵ لەهەرەس هێنانی یەكێتی سۆڤیەت كتێبی (تارماییەكانی ماركس)ی نووسی بەرلەوەی ئاماژە بۆئەو كتێبە بكەین, سەرەتا لەسەر ئەوبۆچوونانە دەوەستین كەبەدوای كتێبی(كۆتایی مێژوو)ی فۆكۆیاما ماركسیتەكان دۆش دامان‌وبێ وەلاَم بەرامبەر ئەو كتێبە ڕازیبوون بەوەی‌لا هەڵوەشاندنەوەی یەكێتی شورەویی كۆتایە هاتنە بەماركسیزم,نەبوونی گفتوگۆیەكی قووڵ لەسەر ئەوكتێبە دۆخێكی نائومێدیی گەورەی لەبەرامبەر ماركس درووست كرد, ئەگەرچی چەند هەوڵێك دران بەلاَم نووسینی ئایدیۆلۆژی بوون‌وتوانای خوڵقاندنی دەیالۆگیان نەبوو, بانزیكترین نمونە بێنینەوە كتێبێك كەوەك هەڵچوون‌ودیدێكی ئایدیۆلۆژی بۆ مانەوە نووسرا, گفتوگۆكەی مەنسوری حیكمەت بوو بەناوی(جیاوازیەكانی ئێمە)ئەوكتێبە هێندەی بەدوای سیمای لێكچوونی لینینیزم دەگەرا, نەیدەتوانی هێندە رووخسارە جیاوازەكان بخاتە ڕوو, هۆیەكەشی ئەوەبوو توانای دەرباز بوونی نەبوو لەناو ئایدیایەكی دەست نیشان كراو, ڕێك دواتر ئەوكارە لەكتێبێكی تردا درێژەی پێدا بەناوی(دیموكراسی)كەلەوەلاَم بەپرسیارێكی سۆزی وایزمان دەڵێت(من دژی لینینم) كەچی دواتر دەڵێت بیرت نەچێ من لینینیستم, ئەوە دەنگەمان بۆئەوەنەهێناوەتەوە كەپیاوێكی ئایدیۆلۆژیست لەسەركلتوری لینین دەیەوێ گوتاری ماركسی بەئاقاری تردا بەرێ, بەڵكو هێنانەوەی ئەودەنگە تەنها بەو مەبەستەیە كەدواتر لەبۆچوونی‌دریدا دەگەڕێینەوە سەریی.

بۆیە كاتێ دریدا تارماییەكانی ماركس دەنووسێت, لەوكتێبەدا هێندەی قسەلەماركس دەكات بەهیچ شێوەیەك نایەتە سەر فۆكۆیاما, ئەو وایدەبینێت كەئێمە دوو ماركسمان هەیە, ماركسێكی حزبی‌و ماركسێكی فەلسەفی, ئەوەی كوژراوە ماركسی حزبیە ماركسێكە كەبەئایدیۆلۆژیا كراوە, دەنا ماركسەكەی ئێمە زیندووە ماركسی فەلسەفی لەناو دۆخی زماندایە, ماركسێكە هێشتا نەدواوە, بۆئەوەش پشت

دەبەستێت بە تارمایی هاملێت, بۆیە باشترین وەلاّم بۆزیندووبوونی مارکس ووتەکەی هۆراشیۆیە دەلێت (پاشاکەمانم ئەمشەو بینی هەربەجلی پاشایەتی) ئەوەش ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ زیندوویی مارکس.

وەسەبارەت بەڕووداوی یانزەی سێبتێمبەریش کە تێگەیشتنەکان لەسەر گوناهبارکردنی لایەنەکان کورت دەکرایەوە, بۆیە میدیای ئەمریکی دەیویست وێنەیبێگوناه بدات بەکۆمەلگای ئەمریکی لەکاتێکدا میدیای عەرەبیوهەروەها فەیلسوفەکانی ئەمریکیش لەوێنەی چۆمسکیوبۆدریار ئەمریکایان بەگوناهباری ڕووداوەکە دەبینی, بۆیە ئەمجارەش فەیلەسوفی جیاوازی لەڕێگەی پرسیارکردن لەچەمکی دەولەتی ماریقە ویستی روانینەکان بەرەو ئاقارێکی تر بێنێت, ئەوەش چەمکی بێگوناهی بەرەو ئەو ئاستە هێنایەوە کەکەس لەڕووداوەکە بێگوناه نییە , ئەوکارەشی گەڕاندەوە بۆئەوسەردەمەی کەمادلین ئۆلبرایت نوێنەری ئەمریکا بوولەنەتەوە یەکگرتوەکان, ئەو سەردەمەی کۆتایی مێژوو باسی سەردەمیئەو رۆژگارەبوو ئۆلبرایت ووتی ئەگەر هێزێکی ترلەدنیادا بیەوێت رۆژێك بەدژی خەونی ئەمریکی بووەستێتەوە, ئەوە ئەمریکا ئەگەربەتەنهاش بێت دژایەتی دەکاتوبەهەموو هێزێکیەوە بەرەنگاری دەبێتەوە, گەرانەوە بۆئەو ووتەیە پرسیارکردنەوەیەلەوەی دەبێت ئەو حەقیقەتە ببینین کە یانزەی سێبتێمبەر ڕووداوێکەبەرهەمی گەشەی میدیای خۆرئاوایە, مەبەستیش ئەوە نییە کەمیدیاکان ئەو رووداوە بەرهەم دێنن, هێندەی دەیەوێت بلێت دەبێت توانای بینینی ئەو جیاوازیانەمان هەبێت کەئەو ڕووداوە دەیخاتە ڕوو, جیاوازیبەئاستێك کەدەسەبەرداری ئەو دیدە تایبەتەش بین کەهەلگرینە, دیارەئەو ڕووداوە بۆدریدا نەك هەر بەهەند وەرگیراوە, بەلکو بەرپرسیاریەتی خۆشی لەئاستیا دەردەخات هەرئەوەشە وایکردووە بەهاوبەشی لەگەل یەکێك لەنەیارەکانی پۆست مۆدێرنیتیومیراتگرێکی فکری مۆدێرنیتی کتێبێك لەو بارەیەوە بنووسن, کەئەویش یۆرگن هابرماسە, بۆیەلەکۆتاییدا دەپرسین ئایا نووسینی ئەو کتێبە هەولێکە بۆئاشتبوونەوەی پۆست مۆدێرنیتە لەتەك مۆدێرنیتی؟ئایا پۆست مۆدێرنیتی وەك هابرماس ووتی شتێك نییە جگەلە مۆدێرنیتی رەخنەیی؟یاخود ئەوە مۆدێرنیتیە دان بەو راستیە دەنێت کەتراژیدیە مرۆییەکانمان مۆدێرنیتیە لێی بەر پرسیارە؟

دەشێ ئەو پرسیارانە تەنها بێمانایی خۆیان نمایشت بکەنونووسینی ئەو کتێبە پەیوەندیی نەبێت بەهیچ یەکێك لەوانە, بەلاّم خۆ ئەو حەقیقەتەمان فێر دەکات کە لەبەرامبەر تراژیدیا گەورەکان پێویستە جیاوازیەکانی یەکتری قبوول بکەین, ئایا ئێمە توانای ئەوجۆرە دیدەمان هەیە یاخود کۆمەلگایەکین توانای قبوول کردنی زەمینەی جیاوازی دەنگەکانمان تیا نییە؟